# داگای فایل دار و جاش و تاونباران و سیخوڕەکانی بەعس هەر ئێستا!
# چەندپرسیاری گرنگ لەپەیوەند بەفایلداران وقوربانیەکان و مافاکانیان؟



ئەمیر قادر
hangau@gmail.com

یەک ساڵی ڕابردوو کوردستان و جالیەی کوردیش لەدەرەوە لەبەرانبەر ئاڵوگۆڕێکی کاملترابوون، کامڵ بوون بەمانای دەست پێکردنی کایەیەکی گەشەکردوو لە پرۆسەی دەسەلات و جەماوەر شەڕی داخوازی کۆمەلانی خەڵکو گروپ وهێزە ئۆپۆزیسۆنەکانی لەلایەک و شەڕی مانەوەو لەدست نەدانی دەسەلات و کورسیەکانی دەسەلات لەبەرانبەردا، کامڵ بوونی داخوازیەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی ڕاستەقینە لە لایەن خەڵکەوەو بردنە ژێر پرسیاری هەموو شیعاروباقو بریقەکانی وەک حکومەتی خۆمان و دوژمنانی دەرەوە،حکومەتی ساوا،پەرلەمنی ساوا، دەسەلاتی حیزب،کێشەی ناوخۆ و لەکۆتایشدا مەسەلەی ئالا، کەهەموویان لە وانەیە بۆماوەیەک میدیاکانی حیزب و حکومەت دەرخواردی خەڵکیان دەدا و دەوریان دەبوو بەلام ئێستا هێندەی پاراسیتامۆلێک دەوریان لەسەر خەڵک نەماوە، هەتاهەموو بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتیش خەریکە ئێکسپایەردەبن و خەڵک دەپرسێت کارەباو ئاوەکەی کە بە هێزی هاتنە مەیدانی خەڵک وەعدی شەرەف و چارەسەریتان داگەیشتە کوێ؟.

بابەتێک کەمن دەمەوێت لەشەڕی دەسەلات و شەڕی جەماوەردا باسی بکەم مەسەلەی تاوانباران و جاشەکان وفایلدارەکانی حیزب و حکومەتە کە کەم کەس هەیە گومان لەبوونیان بکەن، بەتایبەت کە تاوانبارانی سەرەکی وەک پاشا لەلایەن حیزب وحکومەتەوە ئاغایانەو دیوەخانانەو تەکیانەو..جاشانەو.....پارەی مفتی خەڵکی ئەنفالکراو و سفرەخاڵی و بێ ئاوو بێکارەبا دەخۆن و هێندە رووشیان قایمە و باوەڕیان بەدەسەلاتی حیزب و حکومەت هێندە بەهێزە و کەوتنە هەڵەی ئەوەوە کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە پۆست وەربگرن و بەرنامەوپۆستی قەبەیان هەبێت ، هەڵەیەکی لووت بەرزانە کەزۆرجار لەمێژووی دوورو نزیکداسەرەخۆرەیە بۆیان!

فرانس فان ئانرات گەورەبازرگانی هۆلەندی کەزیاد لەدووساڵ من لەدۆسیەکەیدالەگەڵ ژمارەیەکی ترکاری شەوانە ڕۆژانەمان کردو ئاقیبەتەکەی بەزیندانی 15 ساڵی تاوانبارو

ساغکردنەوەی دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کۆتای هات،تەنها یەک چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری سەری خواردلە گۆڤاری (نیورپێڤیودا) کە لەگەڵ وێنەیەکی منداڵ و ژنانی کیمیابارانکراودا فرانس زۆر لووتبەرزانە نووسیبووی(هیچ پەشیمان نیم!)،بەڵام دواتر زۆرپەشیمانبوو. بەڵام پەشیمانی لەبەرانبەر مردن وکوشتنی منداڵان و هەزارەهاکەسدا دەبێت مانای مادی و واقعی هەبێت، کەئەو مانایەش داوەر (ڕۆسۆم) خەتی بەژێرداهێنا کە لەدوایین ڕۆژی داگادو لەدوای بڕیاری کۆتایی و 15 ساڵ بە فرانسی ووت نەک هەر پانزەساڵ من لام وایە ئەگەر بۆهەتاهەتایە لەزینداداندابیت هێشتا هەر کەمە لەبەرانبەر کوشتنو هاوکاریت لە جینۆسایدی کوردەکاندا، کەبەڕای من ئەمە سزا واقعیەکەبوو کەمانایەکی مەعنەوی زیاتری هەبوو کە یاساکان نەیان دەتوانی دەربیبڕن بەڵام دادوەر ڕۆسۆم کە بەدێژایی جەندین مانگ دەردو شوێنەواری ئەم تاوانەو گەورەیی تاوانەکەو لەالایەکی تریشەوە لووت بەرزی تاوانبارو و خوێن ساردیەکەی ئارامیان نەهێشتبوو.

پرسارە گرنگەکە لێرەدایە،هاوڵاتی وئاوێنەکانی کورد دەتوانن جێگەی گۆڤای (نیورپێڤیو)بن؟،ڕۆژانامەنووسەکانیان (ئارنۆلد کراسکێنس) بن؟ ودەوری خۆیان دەبینن وەک میدیاوکاری ڕۆژنامەگەری لە خستنە بەرباس و پیشاندانەکان وبەدۆکومێنت کردنی ڕاستیەکاندا، جەماوەری بەرفراوان و کەس و کاری قوربانیەکان منداڵانی ئەنفال وهێزو گروپەکانی بەرەی خەڵک و تائەوپەرلەمنتارو شەخسیەتانەش کەلەناوپەرلەمندا چ لە کوتلەکانی ئۆپۆزیسیۆن کەبەداخەوە دەوری شایستەی خۆیان نابینن،یان لە ناو کوتلەکانی حیزبەدەسەڵاتدارەکندان بەڵام دڵ و هەست و شعوریان لە ناو جەماوەری زوڵم لێکراودایەو ئێستا لەگەڵ هەموو وەزعێکی نالەبار کە حیزب بۆیان دێنێتە پێش و لەژێر هەڕەشەی نان بڕین و بێکارکردندان بەڵام دەنگیان هەیە،هێزو ناوەندە کۆمەڵایەتیەکانی کوردیش لەدەرەوە کەهەم چاوکراوەترن و هەم بەئەزموونترن وە دەستیان بەزۆر ناوەندی گرنگی ناودەوڵەتی ڕادەگا،،هتد،دەتوانن مێژوو دوبارەبکەنەوە؟، یانی تاوانباران و فایلدارکان لەبەرانبەرتریبۆنێکی ڕاست و کراوەدا لەکودستان بخەنە ژێر لێکۆڵینەوەو پاک و پیسی هێلکەکان،لەژێر مریشکەکەی حیزب وحکومەت دەربێنن؟وەک چۆن لە هۆڵەند کۆمیتەی بەداگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات بەهاوکاری پارتی سۆسیالیستی هۆلەندیوی ناوەندی چاک و کەسوکاری قوربانیەکان کەسانی ئینساندۆست تونیان خاڵیکی ڕوون لەمێژوویەکی زۆر تاریکدا پیشانبدەن.

یان حیزب و دەسەڵات دەتوانن یان دەیانەوێت جارێکی تریش گەمەی دۆڕاوی گێڕانەوەی فایلدارەکان بۆناودەسەڵات وقەبەکردنیان دووبارەبکەنەوە؟،کەبەڕای من ئەمەیان گەمە کردنە بەئاگر،بەئاگری کەس و کاری ئەنفال و هەر ئەو منداڵی قوربانیانەی بە قسەی سەد بارەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کەئەوان لەسەر کورسیەکانی خوێن و زەحمەتی باوک و کەسو کارەکانی ئەوان پاڵیان داوەتەوە، بەڵام لەگەڵ بکوژانی ئەواندامێزەکانیان لە دوکان و سەری ڕەش دەڕازێننەوە؟ یان ئەو ئەقڵە ی لە حیزب و حکومەت و خەڵکدا کە ماناکانی

چاکسازی خەریکن ئاقڵانەتر دەبەنە جێی خۆی؟کەپێک هێنانی تریبۆنێکی سەربەخۆ و دەستبەجێیە لەکوردستان بە ستانداردی یاسایی ناودەوڵەتی و مۆدێرن؟یان دەسەڵات و حیزب دەچنە دووبارەکردنەوەی هەمان ڕژێمە تۆتیالیتارەکانەوە،و تامردن لەسەر دەسەڵات دەکووژن و کۆتاییش بە کۆتایی خۆیان کۆتایی دێت، کەمن لام وایە ئەمە ناواقعیترینسیناریۆیەکە هەرلێستاوە دۆڕاو دیارە!، ئەوەشمان بیر نەچێت هەم خۆپیشانداران و هەم هێزو لایەنە هاوکارەکانی ئەم بزوتنەوانە دوای سزادانیان ئازابوونیان بێهێزترو پەرتەوازەترنین لەێشتر،بەڵکو ئەوە وانن کە یاریەکی دیموکراتییان لەگەڵ دەسەڵات دەستپێکردووە کەسەرەتای بەدیموکراتی کردنی کۆمەڵگەیە،وە فرسەتیان داوە وبەدەسەڵات کەشانسەکانی خۆی تاقیبکاتەوە، بێگومان ڕۆژانە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو داخوازیانەی کە چەند رۆژو مانگ لە مەو پێش بۆی هاتنە سەرجادەو بەردەم دەسەڵات و یەکێکیش لەوانە دادگایی عادیلانەی تاوانبارانی ئەنفال و فایلدارەکانە واخەریکە دەگاتە دوایین ساتەکان.